EUROPEAN UNION AGENCY FOR ASYLUM

Bundesamt für Migration und Flüchtlinge

کۆماریفیدراڵیئەڵمانیا

# چیپێویستەبزانیتکاتێک تۆجارێکی دیکە  داواکاریپێشەکەش دەکەیت بۆ پاراستنی نیشتیمانی(داواکاری پاشکۆ)



KURDISH (SORANI)

**تۆئێستا لەئەڵمانیا، کە وواڵتێکی یەکێتی ئەوروپا.**
**ووڵاتەکانی یەکێتی ئەوروپا ئەمانەن:**

27 ووڵاتی ئەندامی یەکیتی ئەوروپا (EU): نەمسا، بەلجیکا، بولگاریا، کرواتیا، قبرص، چیک، دانمارک، ئیستۆنیا، فنلاند، فەرەنسا،ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا،ئیتاڵیا، لاتیفیا، لیتوانیا، لوکسمبورگ،ماڵتا،هۆڵەندا،پۆڵەندا، پورتوگاڵ، کۆماری ئێرلەندا، رۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید و

4 ووڵاتی دیکە: ئایسلاند،لیختنشتاین، نەرویج و سویسرا

## ناوەڕۆک


داواکاری پاشکۆ چیە؟ 3

ڕێکارەکە چیە؟ 5

- هەنگاوی 1:دەبێت داواکاریەکەت تۆمار بکرێت و بنێردرێتەوە جارێکی تر 5
- هەنگاوی 2:پشکنینی پێشتر بۆداواکاریەکە 9
- هەنگاوی 3:پشکنینی داواکاریەکەت بە پێی شایستەبوون 11
- هەنگاوی 4: بریاردان لەسەر داواکاریەکەت 12

مافەکانم چین؟ 13

ئەرکەکانم چین؟ 17

ئەو دەرئەنجامانە چین ئەگەر پابەند نەبووم بە ئەرکەکانەوە؟ 21

یارمەتی تایبەتی وەردەگریت ئەگەرپێویستت بوو 23

چی دەبێت ئەگەر بتەوێت بگەڕێیتەوە ووڵاتی خۆت؟ 24

## داواکاری پاشکۆ چیە؟

**کاتێک داواکاری پێشکەش دەکەیت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ جاری دووەم یان زیاتر لە هەر وولاتێکی یەکێتی ئەوروپا، داواکاریە نوێکەت پێی دەوترێت داواکاری پاشکۆ.**

داواکاریەنوێکەت داواکاری پاشکۆیە تەنانەت ئەگەر داواکاریە کەی پێشووتریشت لە وولاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا کرابێت.

داواکاری پاشکۆی هەڵچوونەوەی بریاری پێشووتر نیە کە وەرتگرتووە. دەتوانیت داواکاری پاشکۆ بکەیت تەنها لەکاتێکدا کە ئەوکارانەی تایبەت بەداواکاری پێشووتەوە کۆتایی پێهاتبێت. ئەمە بە مانای:

- خۆت بریارێکت وەرگرتووە لەسەر داواکاریەکەی پێشووت
- هیچ هەڵچوونەوەیەک بەردەوام نیەو
- ماوەی دیاریکراو بۆ ناردنی تهەڵچوونەوەکە بەسەرچووە.

بە شێوەیەکی ئاسان ناڕازیبوون لەسەر بڕیاری پێشوو هۆکار نیە بۆ داواکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە.

ئەگەر داواکاری پاشکۆپێشکەش بکەیت، **ئەبێ پێکهاتەی نوێ پێشکەش بکەیت (وەکو بەڵگە یان دۆکیومێنت)** کە پشتگیری لەداواکارییەکات بۆ پاراستنی و دەوڵەتی بکات. پاراستن.



**فاکتەرە نوێکان** ئەو فاکتەرانەن کە پاڵپشتی لە داواکاریەکەت دەکات بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی وکە نەوتوانیوە پێشکەشی بکەیت لە کاتی داواکاریە پێشوو(کان) دا.

فاکتەرە نوێکان دەکرێت دۆکیومێنت و یان بەڵگەی نوێ بن کە وەرتگرتوون یان ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە لە دوای بەرواری بڕیاردان لەسەر دواداواکاریت، بۆ نموونە:

- ڕووداوی نوێ کە بەسەرت هاتبێت
- ڕووداوی نوێ کە بەسەر وڵاتی خۆتا هاتبیت
- گۆڕانکاری لە دۆخی تایبەتیت.



**بە شێوەیەکی نائاسایی، فاکتەرە نوێکان دەکرێت ئەو فاکتەرانە بن کە هەن لە کاتی داواکاری پێشووتدا، ئەگەر یەکێک لەم هۆکارانەی لای خوارەوە جێبەجێ کرا.**

- نەدەکرا تۆ ئەم فاکتەرە نوێیانە بزانیت لە کاتی داواکاریەکی پێشووتدا.
- لەبەر هەندێ هۆی باش، نەتدەتوانی باسی ئەم فاکتەرە نوێیانە بکەیت. لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەم هۆیانەی لای خوارەوە ڕوون بکەیتەوە.

ئەو زانیارانەی کە پێشکەشت کردوون لە داواکاریەکەی پێشووت لەبەر چاو دەگیرێن. بەڵام داواکاریەکەی پێشووت پشکنینی بۆ ناکرێتەوە.

## ڕێکارەکە چیە؟


دوای ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتداران لەسەر پێشکەش کردنی داواکارێکەت بۆ پاراستنی نیشتیمانی دووبارە (کەپێیدەڵێن داواکاری پاشکۆ)، هەندێ هەنگاو هەن لەڕێکارەکاندا.

### هەنگاوی 1 دەبێت داواکاریەکەت تۆمار بکرێت و بنێردرێت جارێکی دیکە

تۆمارکردن و ناردن ئەم لایەنانەی لای خوارەوەدەگرێتەوە.



پەنجە مۆرت لێ وەردەگیرێت.



وێنەت دەگیرێت.




داوات لێ دەکرێت هەمووپێناسەو، دۆکیومێنتی گەشت و هەموو دۆکیومێنتە پەیوەندیدارەکانی ترپێشکەش بکەیت هەروەها هەر دۆکیومێنتێکی نوێ کە هی موڵکی خۆتبێت.





داوات لێ دەکرێت ووردەکاری پەیوەندیکردنت (ناونیشان، ژمارەی تەلەفۆن وئیمەیڵت)بدەیت.



لەوانەیە پشکنینی پزیشکی ئەنجام بدەیت.



خۆت و شت و مەکەکانت پشکنینی بۆدەکرێت. کەل و پەلی تایبەتی خۆت بە موڵکی خۆتدەمێنێتەوە و دەگەڕێنرێتەوە بۆ خۆت، جگە لە هەندێ شت کە بەمەترسیداردادەنرێت.



داوات لێ دەکرێت بۆ

- دەستەبەرکردنی وردەکاری تایبەتی و زانیاری سەبارەت بە ئەندامانی خێزانت کە لەم وولاتە بن یان هەر وولاتێکی ئەندامی تری یەکێتی ئەوروپا ( ئەگەرهەبێت):
- روون کردنەوەی هۆکاری کردنیداواکاری پاشکۆ.


داوات لێدەکرێت کە ئەمانەی لای خوارەوە بکەن.

- پێشکەش کردنی هەموو زانیاری و دۆکیومێنتێکی بەردەست بۆ پاڵپشتی کردنی داواکاریەکەت. ئەمەش فاکتەرە نوێکان دەگرێتەوە بە پشت بەستن بەوەی کە داواکاریە پاشکۆکەت ئەنجام داوە دەتوانرێت فاکتەرە نوێکان ڕاستی نوێ بن یاخود بەڵگەبن کە پێشنیاری ئەوە دەکەن پێویستیت بە پاراستنی نێودەوڵەتیە.
- وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە سەبارەت بەداواکاریەکانی پێشووت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی.





هەر زانیاریەک بڵاوی دەکەیتەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانداا بە نهێنی دەپارێزرێت. ئەم زانیاریە هەرگیز بڵاوناکرێتەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی تۆ داوای پاراستنیان لێ دەکەیت.



## کەی و لە کوێ تۆمارکردنەکەو ناردنی داواکاریەکە ڕوودەدەن؟

داواکاریەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی تۆمار دەکرێت لە بنکەی وەرگرتنی پەنابەران یاخود نوسینگەی فیدراڵی بۆ کۆچ و کۆچبەران، لەو بەروارەو کاتەی کە پێتراگەیەنراوەدەبێت تۆمارکردنەکە بەلایەنی کەمەوە لە ماوەی ٥ ڕۆژ لە دوای پێشکەشکردنی داواکارییەکەت یاخود لێکۆڵینەوەکە بەئەنجام بگەیەنرێت .

هەر کە داواکاریەکەت تۆمارکرا دەبێت خۆت بە شەخسی لەو بەروار و کاتەی لە کاتی تۆمارکردنەکەدا پێتراگەیەنراوە پێشکەشی بکەیت.

ناردنەکە دەبێت بەلایەنی کەمەوە ، لە ماوەی ٢١ ڕۆژ دا لە دوای بەروای تۆمارکردنی داواکارییەکەتەوە بێت.

لە بارودۆخی تایبەتیدا ، پێگەی مەبەست وە ناردنی داوای مافی پەنابەرێتی بۆ نوسینگەی فیدراڵی بۆ کۆچ و کۆچبەران، دەبێت لەڕێگەی بەکارهێنانی فۆڕمەوە بێت.

زۆر گرنگە داواکاریەکەت بنێریت. ئەگەر شکستتهێنا لە تەواو کردنی داواکاریەکە، داواکاریەکەت پوچەڵدەبێتەوە، مەگەر هۆکاری ئەو شکستیە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆتدانەبێت. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کەپێگەی خۆت وەک داواکار، مافی یارمەتی و خزمەتگوزارێکان و مافی مانەوەت لەم وولاتەدا لەدەست دەدەیت.



له دوای تۆمارکردن، دۆکیومێنتێکی فەرمی وەردەگریت کە تیایدا پیشانی دەدات کە داواکاریەکەت کراوەو تۆمارکراوە.

دەبێت هەمووکات لەگەڵ خۆتداهەڵیبگریت.



## هەنگاوی 2 پشکنینی سەرەتایی داواکاریەکەت

هەر کە داواکاریەکەت نارد، هەنگاوی دواتر **پشکنینی سەرەتایی داواکاریەکەتە**.

**لە ماوەی پشکنینی سەرەتاییدا، دەسەڵاتداران هەڵسەنگاندن دەکەن کە ئایا ئەو فاکتەرانەی پێشکەشت کردبوون بەڕاستی نوێن و ئایا ئەو فاکتەرانەی ئەگەری گۆرانکاریان هەیە ئەنجامی داواکاریەکەی پێشووترتە کە ڕەت کرابۆوە.**



لە ماوەی پشکنینی سەرەتاییدا، لەوانەیەبانگهێشتی چاوپێکەوتنێکبکرێیت. ئەگەربانگهێشت نەکرابوویت بۆ چاوپێکەوتنەکە، پشکنینی سەرەتاییەکە پشت ەبەستێت بەو فاکتەرانەی کەپێشکەش کرابوون لە فایلەکەدا.



له ئەنجامی پشکنینە سەرەتاییەکە، داواکاریەکەت لەیەکێک لەم حاڵەتانەی لایە خوارەوە ڕەچاوکرێن:

- **قبوڵکراوە**، یان
- **قبوڵنەکراو**.

ئەگەر داواکاریەکەت**قبوڵکراو بوو، داواکاریەکەت دواتر پشکنینی بۆدەکرێت**. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە تۆ پابەند دەبیت بە هەمان هەنگاوەکانی ڕێکاری پەنابەری ستاندەرد.

ئەگەر داواکاریەکەت**قبوڵنەکراو بوو، ئەوە پشکنینی دواتری بۆناکرێت و ێکارەکان کۆتایی پێدێت**. دەسەڵاتداران ئاگادارت دەکەنەوە سەبارەت بەو هۆکارانەی کەوای کردووە داواکاریەکەت قبوڵنەکراو بێت.ئاگادار دەکرییتەوە لەسەر بڕیارەکە بە نووسین. ئەگەر ڕازی نەبوویت بە بڕیارەکە، دەتوانیت تێهەڵچوونەوەوە لە دژی بکەیت. دەتوانیت داوای راوێژکارێکی یاسایی بکەیت (پارێزەر) بێ بەرامبەر بۆ یارمەتیدانت لە کاری تێهەڵچوونەوەکە.




داواکاریەکەت**قبوڵکراوە ئەگەر** فاکتەری نوێ**پێشکەش بکەیت لە** داواکاریەکەتدا و ئەم فاکتەرە نوێیانە**پێشنیاری ئەوە دەکات کەپێویستیت بە پاراستنی نێودەوڵەتیە.**

داواکاریەکەت**قبوڵنەکراوە** ئەگەر فاکتەری نوێ پێشکەش نەکەیت کەپێشنیاری ئەوە بکات پێویستیت بە پاراستنی نێودەوڵەتیە.

**ئەگەر دەرکەوت کە داواکاریەکەتقبوڵکراوە، ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوەجێبەجێدەکرێت.**

## هەنگاوی 3 پشکنینی داواکاریەکەت بە پێی شایستەبوون

ئەگەر داواکاریەکەتقبوڵکراو بوو، دەسەڵاتداران پشکنینی ئەو هۆکارانە دەکەن کە بە هۆیەوە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەیت و کە بۆناتەوێتبگەڕێیتەوە ووڵاتی خۆت(کە پێی دەڵێن پشکنین بە پێی شایستەبوون). ئەگەر داواکاریەکەتقبوڵکراو بوو، ئەوە پابەندی هەمان ئەو هەنگاوانەدەبێت کە لە ڕێکاری پەنابەرە ستاندەردا هەیە. بەهەر حاڵ، کاتی پشکنینیداواکاری پاشکۆت ڕەنگە خێرادەکرێت.



بانگهێشتدەکرێیت بۆ چاوپێکەوتنێکی تایبەتی، مەگەر دەسەڵاتەکە بڕیارێکی ئەرێنی بدات بە پشت بەستن بە و فاکتەرانەی لە ناو فایلەکەتدا هەیە.

### پشکنینی تەندروستی



دەکرێت دەسەڵاتداران داوات لێ بکەن پشکنینێکی تەندروستی ئەنجام بدەیت سەبارەت بە نیشانەکانی تاوان کاری لە کۆندا یان ئازاردانی جددی. پشکنینەکە بێ بەرامبەرە و داوات لێ دەکرێت ڕەزامەندی خۆتی لەسەربێت.

ئاگاداری ئەنجامەکانی پشکنینەکدەکرێتەوە، کە لەبەر چاو دەگیرێت لە هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەتدا. ئەگەر هیچ پشکنینێک داوانەکرابوو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، لە دوانەیە داوای پشکنینەکەت لێبکرێت لەسەر حیسابی خۆت.

# هەنگاوی 4 بڕیار لەسەر داواکاریەکەت

دەسەڵاتداران ئاگادارت دەکەنەوە بە نووسراو کە ئەگەر پاراستنی نێودەوڵەتیت پێ بەخشرابوو یان نا.



## ئەگەری تێهەڵچوونەوە

ئەگەر ڕازی نەبوویت بە بڕیارەکە، دەتوانیت تێهەڵچوونەوەی بۆ بکەیت.



## مافەکانت چین؟

### مافی مانەوەو وەرگرتنی یارمەتی پێشوازی و خزمەتگوزارێکان

ئەگەر ئەمە یەکەم داواکاری پاشکۆت بوو، لە بنەڕەتدا تۆریگەپێدراویت کەبمێنیتەوە لەم وولاتەدا تا ئەو کاتەی پشکنینی داواکاریەکەت کۆتایی پێدێت.

**لەوانەیەڕێگەت پێنەدرێتبمێنیتەوە لە ماوەی پشکنینی داواکاریەکەت ئەگەر:**

- ئەگەر دووەم داواکاری پاشکۆت بوو یان زیاتر، یان
- تەنها داواکاریت بۆ پاراستنیێودەوڵەتیپێشکەش کردووە بۆ دواخستنی دوورخستنەوەی نزیکت لەم وولاتە.

**لەوانەیەڕێگەت پێنەدرێتبمێنیتەوە لە کاتیڕێکارەکانیتێهەڵچوونەوەکە.** لەم حاڵەتەدائاگاداردەکرێیتەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە سەبارەت بە هۆکارەکان و ئەگەر بتوانیت داوایێگەپێدانت بکەیت بۆ مانەوە لە کاتیڕێکارەکانیتێهەڵچوونەوە چۆن.

لە ماوەی مانەوەتدا، یارمەتیپێشوازی **و خزمەتگوزاری وەردەگریت،** بەهەر حاڵ، ئەمانە **لەوانەیە سنووردارێکرێت** بە پشت بەستن بە بڕیارێکی تاکەوە لە لایەن دەسەڵاتی پەیوەندیدار. دەتوانیت زانیاری زیاتر بەدەستبهێنیت سەبارەت بە یارمەتپێشوازی و خزمەتگوزاری کە وەریان دەگریت لە ناملکەیەکی جیاوازدا.





## مافی وەرگرتنی وەرگێڕانت هەیە

ئەگەر قسەت نەکرد بە ئەڵمانی ،، وەرگێڕێک یارمەتی پەیوەندیکردنت دەدات لەگەڵ دەسەڵاتدارانداا لە کاتی تۆمارکردن و نارنی اواکاریەکە هەروەها لە کاتی چاوپێکەوتنە تایبەتەکەتدا. وەرگێڕەکە بێ بەرامبەرە.




**دەتوانیت داوای وەرگێڕی ئافرەت یان پیاو بکەیت و چاوپێکەوتنکارێک بۆ چاوپێکەوتنە تایبەتەکەت، ئەگەر ئەمە یارمەتی ئەوەت دەدات کە بە تەواوی هەستەکانت دەربڕیت.**

بە پشت بەستن بەهۆکارەکانت و ئەگەر بەردەست بوونیهەبێت، داواکاریەکەتجێبە جێ دەکرێت.



## مافی ئاگادارکردنەوەت هەیە و داوای ڕاوێژکاری یاسایی بێ بەرامبەر بکەیت

دەتوانیت داوایڕاوێژکاری یاسایی بکەیت، بە بێ بەرامبەر، لە کاتی ڕێکارەکانی پەنابەریدا.



بەهەر حاڵ، **لەوانەیە شایستەیڕاوێژکاری یاسایی بێ بەرامبەرنەبێت ئەگەر:**

- داواکاریە پاشکۆکەتپێشکەش کردووە تەنها بۆ 'وەستاندنی ڕێکاری گەڕانەوە، یان
- ئەمە دووەمداواکاری پاشکۆتە (یان زیاتر).

دەتوانیت داوای زانیاری و ڕاوێژکاری یاسایی بکەیت لە نوسینگەی فیدراڵی بۆ کۆچ و کۆچبەران.

## دەتوانیت ڕاوێژ بە ڕاوێژکارێکی یاسایی بکەیت (پارێزەر) لەسەر حیسابی خۆت

ڕاوێژکاری یاسایی کەسێکە یارمەتی یاسایی تایبەت و نوێنەرایەتی دەستەبەر دەکات بۆت بۆمامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتداراندا. مافی خۆتە کە ڕاوێژ بە ڕاوێژکارێکی یاسایی بکەیت لە هەر هەنگاوێکی ڕێکارەکانی پەنابەریدا بێت لەسەر حیسابی خۆت.

دەتوانیت داوای ڕاوێژکارێکی یاسایی بێ بەرامبەر بکەیت لە کاتێتێهەڵچوونەوەکە، مەگەر سەرچاوەیەکت هەبێت بۆ دابین کردنی تێچووی نوێنەرایەتی یاسایی خۆت.



ئەگەر ڕاوێژکارێکی یاسایی دیاریکراوت پێ باشترە، وردەکاریەکانی پەیوەندیکردنی بدە بە دەسەڵاتداران.

وردەکاریەکانی ڕاوێژکارە یاساییەکەی ئێستات بەش بکە لەگەڵ دەسەڵاتداراندا، بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەیتەوە لەسەر داواکاریەکەت.

## دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە دەزگای پەنابەری نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) یان ڕێکخراوەکانی تر.

دەتوانیت پەیوەندی و پەیوەندیکردن لەگەڵ UNHC و ڕێکخراوە هاوبەشەکانیان بکەن لە هەر هەنگاوێکی ڕێکارەکانی پەنابەریدا بێت.




UNHCR ماف و بەرژەوەندییەکانی پەناخوازان و پەنابەران دەپارێزێت. UNHCR و ڕێکخراوە هاوبەشەکانیان هەروەها زانیاری و یارمەتی دەستەبەر دەکات بۆ پەناخوازان.

وردەکارێکانی پەیوەندیکردنی UNHCR و هەروەها زانیاری لەسەر ڕێکارەکانی پەنابەری دەتوانرێت بدۆزیتەوە لە وێبپەیجی UNHCR [https://help.unhcr.org](https://help.unhcr.org).

دەتوانیت پەیوەندی بە هەر ڕێکخراوێکەوە بکەیت کە ڕاوێژکاری یاسایی یان ڕاوێژکاری تر دەستە بەر دەکات بۆ داواکاران.

## ئەرکەکانت چین؟

### پابەند بوون بە یاساکانی وولاتەکەوە



### بمێنەرەوە لەو وولاتەی کە داواکاریەکەت پێشکەش کردووە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی.

هەوڵ مەدە بچیتە وولاتێکی دیکەی یەکێتی ئەوروپا. ڕێگە پێدراویت بچیتە وولاتێکی دیکەیبەکێتی ئەوروپا ئەگەرمۆڵەتت پێدرابوو بۆ کردنی ئەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە.




### دڵنیابە دەسەڵاتداران دەتوانن بگەنە دەستت و کە دەتوانیت کاتەکانت بپارێزیت.

دەبێت خۆت ئامادەی هەموو کاتیچاوپێکەوتنەکان بیت هەر کات داواتلێکرا لە لایەن دەسەڵاتدارانەوەدەبێت لەکاتی خۆیدا لەوێ بیت. ئەگەر نەتوانی ئامادەیچاوپێکەوتن بیت بە هۆی هۆکارێکی جددی، دەست بەجێئاگاداری دەسەڵاتداران بکەرەوە و هۆکارەکەی ڕوون بکەرەوە.



## هاوکاریکردنی تەواوی دەسەڵاتداران



ئەگەر داواکرادەبێت  ئەمانەی لای خوارەو ئەنجام بدەیت:

- دەستەبەرکردنی ووردەکاریە تایبەتەکانەدۆکیومێنت و زانیاری پەیوەندیدار بۆ پاڵپشتی کردنی داواکاریەکەت.





- دابین کردنی دۆکیومێنتەکانی پێناسەکردن.  ئەگەرپێت نەبوون، هۆکارەکەی ئاشکرا بکە.



- وێنەو پەنجا مۆرت وەردەگیرێن.



- ناردنی داواکاریەکەت لە بەروارو شوێنی دیاریکراودا.
- ئامادەبوونی چاوپێکەوتنی تایبەتی و وەڵامدانەوەی پرسیارکان لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا.



- ڕازی بوون کە پشکنینت بۆبکرێت  لەگەڵ شت و مەکەکاندا، ئەگەر دامودەزگاکان داوایان کرد.  پشکنینەکە تەنها لەوشوێنانەدا ڕوودەدات کە پێویست و ڕەوابێت. دەسەڵاتدارەکە هۆکارەکانی پشکنینەکە ڕوون دەکاتەوە.  پشکنینەکە ئەنجامدەدرێت لە لایەنکەسێکەوە لە هەمان ڕەگەزی وەکو خۆت وبەشێوەیەک ئەنجامدەدرێت کە کەرامەتتاپارێزراو بێت.

## ڕاستیەکان بڵێ



ئەوەی کەهەیڵی‌یێت زۆر گرنگە بۆ متمانە پێکردنی داواکاریەکەت. بۆیەپێویستە کە ڕاستگۆ بیت و زانیاری ڕاست و دروست و تەواو بدەیت سەبارەت بەپێناسەت، خێزان، وولاتی ڕەسەن، هۆکارەکانی داواکردنی پاراستنی‌نێودەوڵەتی.

لەوانەیە هەمووشتێکت بیر نەمابیت لەبەر ئەوە دەکرێت نەتوانیت وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەیتەوە. لەم حاڵەتەدا، داهێنان بۆ وەڵامەکان مەکە تەنها ڕوونی بکەرەوە کە بیرت نیە.

## ووردەکاریی پەیوەندیکردنی ڕاست و بەردەست دەستەبەر بکە




دەبێت دەسەڵاتداران بتوانن‌پێت بگەن سەبارەت بە داواکاریەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی.

ئەگەر ناونیشانت، ئیمەیڵ یان ژمارەی تەلەفۆنت گۆڕا، ئاگاداری دەسەڵاتداران بکەرەوە دەست بەجێ.

**لەبیرت بێت، نابێت لەئەڵمانیا بڕۆیتکاتێک داواکاریەکەت پشکنینی بۆدەکرێت.**

ئەگەر خرایتەسەنتەرێکەوەنابێت بچیتە هیچ شوێنێکی دیکە بەبێ ڕەزامەندێتی دەسەڵاتداران.

## هەموو زانیاری و دۆکیومینتەکانت پێشکەش بکە کە پاڵپشتی دەکات لە داواکاریەکەت بە لقی بەرپرسی نوسینگەی فیدراڵی بۆ کۆچ و کۆچبەران

ئەکرێت بانگهێشت نەکرێیت بۆ چاوپێکەوتنە تایبەتەکە و ڕێکارەکان زۆر کورت دەبن، چەند ڕۆژێک یان تەنانەت چەند کاتژمێرێکیش بخایەنێت. لەبەر ئەمە، گرنگە هەموو هۆکارەکان بۆ دەسەڵاتداران بدرکێنیت بەبێ دواکەوتن و ئەو فاکتەرە نوێیانەش کە تیایدا جارێکی دیکە داواکاریت پێشکەش کردۆتەوە.


دەبێت دۆکیومێنتی ئەسڵی پێشکەش بکەیت، لە هەر شوێنێک پێویست بوو. نابێت دۆکیومێنتی ساختە پێشکەش بکەیت.




دەبێت هەموو زانیاری و دۆکیومینتەکانت پێشکەش بکەیت بە زووترین کات کاتێک داواکاریەکەت دەنێریت. ئەگەر دۆکیومێنتەکان یەکسەر ئامادەو بەردەست نەبوون دەبێت بە زووترین کات پێشکەشیان بکەیت، تا ئەو کاتەی بڕیار لەسەر داواکاریەکەت دەدرێت. دەتوانیت بەڵگەنامەکان ، کە دەبێت ژمارەی ئەکتەکەتی لەسەر بنوسیت ، بە پۆست یاخود خۆت بەدەستی بیدەیتە دەست لقی بەرپرس ، یاخود لە ڕێگەی ئیمەیلەوە service@bamf.bund.de بنێریت.

## ئەو دەرئەنجامانە چین ئەگەر پابەند نەبوویت بە ئەرکەکانەوە؟

### ڕێکارەکانی پەنابەرێکەت دەوەستێنرێت.




**داواکاریەکەت دەکشێنرێتەوە و ڕەتدەکرێتەوە.** ئەمە بە مانای ئەوە دێت لەوانەیە ڕێگەی خۆت لە دەست بدەیت وەکو داواکارێک بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و هەموو مافە پەیوەندیدارەکان.

ئەمە کاتێک ڕوودەدات ئەگەر یەکێک لەمانەی لای خوارەوە ڕەت بکەیتەوە:

- دەستەبەرکردنی زانیاریکاتێک داوات لێ دەکرێت.
- وەرگرتنی پەنجە مۆرووێنەی فۆتۆگرافی
- دەستەبەرکردنی ناونیشانت
- وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە کات چاوپێکەوتنی تایبەتدا، ئەگەر پرسیار هەبوو

هەروەها ڕوودەدات ئەگەر:

- داواکاریەکەت نەنێریت لەو کاتەی دانراوە بۆی بەبێ هەبوونی هۆکارێکی جددی.
- ئامادەنەبوونت لە چاوپێکەوتنی تایبەتەکەدا بەبێ هەبوونی هۆکارێکی جددی.
- ڕاپۆرت نەدان بە دەسەڵاتدارانکاتێک داوات لێ بکەن.
- جێهێشتنی ئەوشوێنەی بۆیان دانابوویت کەبمێنیتەوە تیایدا.
- دەسەڵاتداران نەتوانن بگەنپێت.
- جێهێشتنی وڵاتەکە.

هەروەها دەتوانیت داواکاریەکەت بکشێنیتەوە لە هەرکاتێکدابێت لە ماوەیڕێکارەکانی پەنابەریدا، بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی بڕیارت داوەبگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت. لەم حاڵەتەدا، ڕێگەکەی خۆت لەدەست دەدەیت وەکو داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی.

## هەندێ جۆری یارمەتیپێشوازی و هەندێ خزمەتگوزاری لەوانەیە کەم بکرێتەوە یان ڕەتبکرێتەوە



لە هەندێ بارودۆخدا، ئەو دامودەزگایانەی کەهاوکاریپێشکەش دەکەن لەوانەیە بڕیار بدەن لە کەم کردنەوەی یان ڕەت کردنەوەی هەندێ جۆری یارمەتی یان هەندێ خزمەتگوزاری. ئەودامودەزگایانەی کەهاوکاریپێشکەش دەکەنئاگادارت دەکەنەوە سەبارەت بەو جۆرە بڕیارە بە نووسین لە دوای هەڵسەنگاندنی دۆخەکەت.

## لەوانەیە داواکاریەکەت بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەرببێت

ئەگەر زانیاری هەڵەو چەواشەکاری دەستەبەر بکەیت کە پەیوەندی بەپێناسەتەوە یان داواکاریەکەتەوەهەبێت، یان ئەگەردۆکیومێنتەکانهدرێنیت یان تەزویر بن، ئەمەدەکرێت کاریگەری نەرێنیهەبێت لەسەر داواکاریەکەت، بۆ نموونە وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێ دراوە.



- لەوانەیە داواکاریەکەت ڕەتبکرێتەوە و پاراستنیودەوڵەتی بەدەستنەهێنیت.

- لەوانەیە داواکاریەکەت لە ڕێکارەکانی سنووری پەنابەریدا پشکنینی بۆ ئەنجامبدرێت ( ئەگەر ئەمە ڕوویدا، زانیاری دیاریکراو لەسەرڕێکارەکە وەردەگریت).

دەتوانرێت پاراستنیودەوڵەتیتلێبسەنرێتەوە ئەگەر دەسەڵاتداران دواپی بۆیان دەرکەوت کە ڕاستیت نەوتووە لە ماوەی ڕێکارەکانی پەنابەریدا.

## یارمەتی تایبەت وەردەگریت ئەگەرپێویستت پێی بوو

دەبێت دەست بەجێ ئاگاداری دەسەلاتداران بکەیتەوە ئەگەر هەر یارمەتیەکی تایبەتتپێویست بوو.
ئەمپێداویستیانە لە چەند بارودۆخێکی جیاوازدا سەرهەڵئەدات وەک سک پڕی، نەخۆشی یان تووش بوونی حاڵەتی سایکۆلۆژی، توندوتیژی سێکسی و جەستەیی.

دەسەڵاتداران بارودۆخەکەت هەڵدەسەنگێنن و لەوانەیە یارمەتی زیاتریشت بۆ دەستە بەر بکەن بە مەبەستی ئاسانکردنی بەشداریکردنت لە ڕێکارەکانی پەنابەریدا. بۆ نموونە، لەوازەیە ستافی شارەزا تەرخان بکەن بۆ کەیسەکەت یاندرێژەیێکاری پەنابەریتڕێک بخەن.



## چیدەبێت ئەگەربتەوێت بگەڕییتەوە وولاَتی خۆت؟

لە هەرکاتێکدا لە ماوەی ڕێکارەکانی پەنابەریدا، دەتوانیت بریا بدەیت بۆ گەڕانەوە بە وویستی خۆت بۆ:

- وولاَتی خۆت یان
- وولاَتێکیترانزیێت یان وولاَتێکی لایەنیسێهەم، ئەگەر مافی ئەوەت هەبوو بیکەیت.

ئەگەر بریارت دا بە وویستی خۆت بگەرییتەوە، ڕێکارەکانی پەنابەریت دەوەستێیێت یان ڕەت دەکرێتەوە و چیتر مافی مانەوەت نیە لەئەڵمانیا.

ئەگەر وویستت بە وویستی خۆتبگەڕیێتەوە، پەیوەندی بکە بەدامودەزگاکانەوە.
نوسینگەی فیدراڵی بۆ کۆچ و کۆچبەران - هێڵی گەرمی گەڕانەوە

Frankenstraße 210
90461 Nürnberg
تەلەفۆن : 0 – 943 911 49+
فاکس : 1000 - 943 911 49+

بۆ گەڕانەوە بە سەلامەتی وە بەرێگای یاسایی ، تۆ دەتوانیت ڕاوێژکاری و یارمەتی وەربگریت .



## دڵنیا بوونەوە لە وەرگرتنی زانیاری

بەرپرسێک داوات لێ دەکات کە پشتڕاستی ئەوە بکەیەتەوە کە ئەم زانیارییەت پێ گەیشتووە.
ئەگەرشتێک تینەگەیشتیت یان ئەگەر پرسیاری ترتان هەبوو، دەتوانن هەمیشە پرسیار بکەن.

# تێبینی

Bundesamt für Migration und Flüchtlinge

euaa
EUROPEAN UNION
AGENCY FOR ASYLUM

ئەم ناميلكەيە تەنها بۆ مەبەستی زانياريە لە خۆيدا ماف و ئەركەكان دروست ناكات دەزگای يەكێتی ئەوروپا بۆ پەنابەران (EUAA) ئۆرگانی سەرەكی دابين كردووە لەم مادەيە، وبەرهەمهێنانەوە وگۆڕانكاری ئەم برۆشەرە تەنها لەلایەن EUAA ڕێگەپێدراوە بۆ وولاتانی ئەندامی يەكێتی ئەوروپا. EUAA هيچ لێپرسراوێتيەک يان بەرپرسيارێتی بۆ ووردبينی و ناوەڕۆک و تەواوەتی و ياسايی يان ڕاستیزانياریێكان كە لەم ناميلكەيەدا هاتووە لەلايەن وولاتانی ئەندامی يەكێتی يان لەلايەن لايەنێكی سێهەمی لێپرسراو قبوڵ ناكات. نە EUAA هيچكەسێک كە لە جياتی EUAA لێپرسراونييە لە بەكارهێنانی ئەو زانياريانەی لەم ناميلكەيەدا دەيدۆزيتەوە.

© دەزگای يەكێتی ئەوروپا بۆ پەنابەران، 2025

ISBN 000-00-00-00000-0
doi: 00.0000/0000000
AA-00-00-000-KU-C

Publications Office
of the European Union